2013/12/8

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە ( 20 )ی ساڵی 2013**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی نۆیەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (13) ساڵی 2007 ، بریارماندا بە :-**

**- کردنەوەی بەشی توێژینەوەو ڕاهێنان لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی .**

**شێروان حەیدەری**

**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە ( 12 )ی ساڵی 2013**

**ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە ( 30519 لە 10 / 11 / 2013 ) بریارماندا بە :-**

**- پەسەندکردنی حەرەمی نوێ ی گوندی ( دەرەی مەر ) سەر بە قەزای هەڵەبجە و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بە رووبەری ( 18,13,00 ) دۆنم لەپارچە زەوی ژمارە ( 5 لە کەرتی/ 46 دەرەی مەر) بە پێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن .**

**- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە20 /11 /2013 .**

**کریم سنجاری**

**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی کشوتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە :** 12144 **لە** 2013/11/12

**بەیـان**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە (ماددەی پێنجەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (6)ی ساڵی 2010 ، بریارماندا بە :-**

**1- جیاکردنەوەی ( بەڕێوەبەرایەتی چەسپاندنی ماف و ڕێکخستنی خاوەنداریـەتی ) لـە( بەڕێوەبەرایـەتی گشتی زەوی وزار ) پەیوەست کردنی بە( نووسینگەی وەزیر )**

**2- بەڕێوەبەرایەتی چەسپاندنی ماف و ڕێکخستنی خاوەنداریەتی پێکدێت لەم دوو بەشە :**

**أ . بەشی چەسپاندنی ماف .**

**ب . بەشی ڕێکخستنی خاوەنداریەتی .**

3- **ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت .**